# ڕادەی بایەخدان بە شوناسی نەتەوەیی کورد لە ناوەڕۆکی پەرتووکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلەکانی(4-5-6)ی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان

پ.د کاوە علي محمد

Kawa.ali@koyauniversity.org

زانکۆی کۆیە – فاکەڵتی پەروەردە –بەشی پەروەردەو دەروونزانی

ڕەزامەندی وەرگرتنی توێژینەوە :٢٠٢٥/٤/١ ڕەزامەندی بڵاو کردنەوە : ٢٠٢٥/٤/١٠

**کورتەی توێژینەوەکە :**

ئامانجی توێژینەوەیەکە بریتی بوو لە ئاشکراکردنی ڕادەی بوونی بیرۆکەی شوناسی نەتەوەیی کوردی لە ناوەڕۆکی پەرتووکەکانی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان لە پۆلەکانی (4-5-6)ی قۆناغی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان ، هەر بۆیە ڕێبازی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بەکارهێنرا ، بۆ ئەو مەبەستەش ئامرازی شیکردنەوەکە بەپێ هەنگاوە زانستییەکان ئامادەکرا ، بۆ دیاریکردنی دروستی ئامرازەکە پەنابرایە بەر وەرگرتنی بۆچونی کۆمەڵێک شارەزا لە بوارەکانی پەروەردە و دەروونزانی و بۆ دیاریکردنی جێگیری شیکردنەوەکە ڕێگای شێکردنەوەی ناوەڕۆکێک لەلایەن توێژەرەوە لە دوو کاتی جیاوازدا بەکارهێنرا. ئامرازی شیکردنەوەکە بەشێوەی کۆتایی پێکهات لە چوار ڕەهەند کە بریتی بوون لە ( ڕاستییەکان ، کەسایەتییەکان ، بەهاکان ، هێماکان ) و توێژەر یەکەی (بیرۆکەی) وەک یەکەی شیکردنەوە بەکارهێنا و (دووبارەبوونەوەی) وەک یەکەی ژماردن بەکارهێنا . دوای شیکردنەوەی ناوەڕۆکی پەرتووکەکان ئەنجامەکان دەریانخست کە ناوەڕۆکی پەرتووکەکان بە شێوەیەکی گشتی تا ڕادەیەکی باش چەمکی شوناسی نەوەتەوەیی کوردی لەخۆدەگرن و لەو بارەشەوە پەرتووکی بابەتەکۆمەڵایەتییەکانی پۆلی شەشەم بە پلەی یەکەم هات و دواتر پەرتووکی پۆلی پێنجەم و دواتر پەرتووکی پۆلی چوارەم ، لە کۆتایشدا لە ڕۆشنایی ئەنجامەکاندا چەند ڕاسپاردەو پێشنیارێک پێشکەشکران.

## بەشی یەکەم : ناساندن بە توێژینەوەکە

**یەکەم : کێشەی توێژینەوەکە :** لە جیهانی ئەمڕۆدا لە سایەی پێشکەوتنی هۆیەکانی تەکنەلۆجیای پەیوەندیکردن و گەیاندن و بڵاوبونەوەی کەلتوری وڵاتانی زلهێز و خاوەن پیشەسازی و ئابووری زەبەلاح مەترسی لەناوچونی شوناسی نەتەوەیی و نیشتمانی بووە بە مەترسییەکی راستەقینە ، بە تایبەت لەو کۆمەڵگایانەی کە لە ژینگەیەکی جوگرافی نالەباردا دەژین کە وای کردووە بکەونە نێوان هێرشی کەلتوری نەتەوەکانی چواردەوریان ، ئێستاش جێی خۆیەتی لە خۆمان بپرسین ئایا نەتەوەی کورد تا چەند پێویستی بە پاراستنی شوناسی نەتەوەیی یە؟ ، نەتەوەی کورد کە لە ڕوویی جوگرافیاوە دەکەوێتە نێوان چەند نەتەوەیەکی جیاوازەوە ( عەرەب و تورک و فارس

) کە بە درێژایی مێژوو سەلماندویانە تاچەند مەترسین لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و شوناسی نەتەوەی کوردی تا رادەیەک هەندێکیان قسەکردنیان بە زمانی کوردی وبەکارهێنانی ناوی کوردی بۆ منداڵان قەدەغە کردووە و هەندێکی دیکەشیان بە ڕۆژی ڕوناک هەوڵی جینۆسایدکردنی نەتەوەی کوردی داوە و ڕۆڵەکانی کوردیان لە سەدان گۆڕی بەکۆمەڵدا لە ژێرخاک ناوە ، و بە درێژایی دەسەلاتیان لە ڕێگای دەزگا جیاوازەکانەوە بە دەزگا پەروەردەییەکانیشەوە هەوڵی داماڵینی گۆمەڵگا و تاکی کوردی دەدا لە شوناسی کوردایەتی . هەر بۆیە دوای نەمانی دەسەڵاتی رژێمی بەعس لە هەرێمی کوردستان و دروستبونی پەرلەمان و حکومەتی کوردی وا چاوەڕوان دەکرێت هەوڵەکانی بخاتەگەڕ بۆ پاراستنی شوناسی نەتەوەیی و بێگومان دەبێت دەزگا پەروەردەییەکان لە ڕیگای پرۆگرام و پەیڕەوی خوێندنەوە ڕۆڵی گەورە ئەنجام بدەن لەو بارەوە ، توێژەر نەبونی وەڵامێکی زانستی بۆ پرسیاری (تا چەند لە ناوەڕۆکی پەرتووکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلەکانی (4-5-6)ی بنەڕەتی بایەخ بە شوناسی نەتەوەیی دراوە؟) ونەبونی توێژینەوەی زانستی لەو بارەوە (بەپێی زانیاری توێژەر) وەک کێشەیەکی شایستە بە لێکۆڵینەوە تەماشاکرد وبڕیاری ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیدا .

**دووەم : گرنگی توێژینەوەکە :** گرنگی ئەم توێژینەوە خۆی لەم خاڵانەی خوارەوە دەبینێتەوە :

1. هەوڵێکی نوێە (بەپێی زانیاری توێژەر) بۆ تشک خستنە سەر رادەی بایەخدان بە شوناسی نەتەوەیی کورد دراوە لە چوارچێوەی پەرتوکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکاندا.
2. لە ڕێگای پێشنیازەکانییەوە هانی توێژەران دەدات بۆ ئەنجامدانی دیکە لەم بارەوە لەسەر پەرتوکەکانی دیکە لە قۆناگەکانی دیکە .
3. لەڕێگای ڕاسپاردەکانییەوە هانی لایەنی پەیوەندیدار دەدات لە وەزارەتی پەروەردە بۆ پڕکردنەوەی هەر کەموکوڕیەک هەبێت بۆ زیاتر بایەخدان بە شوناسی نەتەوەیی کوردی .
4. لایەنی تیۆری توێژینەوەکە هەوڵێکی بچوکە بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی .

**سێیەم : ئامانجەکانی توێژینەوەکە : بریتیین لە:-**

1. ئاشکراکردنی ڕێژەی بوونی شوناسی نەتەوەی کورد لە ناوەڕۆکی پەرتووکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی چوارەمی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان.
2. ئاشکراکردنی ڕێژەی بوونی شوناسی نەتەوەی کورد لە ناوەڕۆکی پەرتووکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان.
3. ئاشکراکردنی ڕێژەی بوونی شوناسی نەتەوەی کورد لە ناوەڕۆکی پەرتووکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان.

**چوارەم : سنوری توێژینەوەکە :**

1. سنوری جێگایی : دەستنیشان دەکرێت بە هەرێمی کوردستان .
2. سنوری کاتی : ساڵی خوێندنی 2024 – 2025
3. سنوری بابەتی : شوناسی نەتەوەیی و پەرتووکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی .

**پێنجەم : پێناسەی زاراوەکان :**

1. یەکەم : شوناسی نەتەوەیی ( national identity )

- شوناس (Identity) : زانای کۆمەڵناسی ئەڵمانی ماکس فیبەر (Max Weber) پێناسەی دەکات بریتیە لە هەستی بەکۆمەڵ بە بەشداریکردنیان لە کۆمەڵێک تایبەتمەندی هاوبەش وەک هێماکان ودابەو نەرێت کە لە کەسان و کۆمەڵانی دیکە جیایان دەکاتەوە ( الحجازي، 2023، 180 )
- نەتەوە (Nationalism): ئەو پەیوەندییە کە ئەندامانی نەتەوەیەکی دیاریکراو پێکەوە دەبەستێتەوە و لە رێگایەوە هەست دەکەن کە لەیەک دەچن و لە نەتەوەکانی دیکە جیاوازن لە ڕویی کەلتوری و مێژویی و سیاسییەوە. (مجموعة مؤلفين ، 1993، 168 )
- شوناسی نەتەوەیی (National Identity) :
- پێناسەی (غویل ،2015) بریتییە لە کۆمەڵێک تایبەتمەندی کە تاکەکانی نەتەوەیەک تێدا بەشداردەبن و بەو تایبەتماندیانە دەناسرێنەوە و لە تاکەکانی نەتەوەکانی دیکە جیایان دەکاتەوە (الغويل ،2015، 59 )
- پێناسەی (عدنان،1977) " هەستکردنی تاکە بە ئەندامبوون لە ناو گەلێک بە هەموو ئەو تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییە و سیاسی و ڕۆشنبیری و مرۆییەی کە هەیەتی " ( عدنان ،1977، 29).
- توێژەر بە سودوەرگرتن لە پێناسەکانی پێشوو(شوناسی نەتەوەیی) پێناسە دەکات بەو هەستەی تاکەکانی هەمان نەتەوە بەوەی کە کۆمەڵێک تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە وەک زمان و داب و نەریت و بۆچون و ئاڵا و مێژوو و ئامانجی هاوبەش کە لە نەتەوەکانی دیکە جیایاندەکاتەوە .

## 2. پەرتووکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان

- پێناسەی ڕێکخراوی نێو دەوڵەتی یونسکۆ : "بابەتانە کۆمەڵایەتییەکان ئەو بابەتەیە کە زانیارییەکانی جوگرافیا ، مێژوو ، پەروەردەی نیشتمانی ، فەلسەفە و کۆمەڵناسی ، زانستی دەروون ، ئەنترۆپۆلیژیا ، ئابووری لە خۆ دەگرێت.

( السكران،2002، 19)

- پێناسەی (قطاوي ،2007 ) : " ئەو بوارە سەرەکییە کە بایەخ بە پەیوەندی مرۆڤ بە ژینگەی سروشتی و مرۆیی دەدات و لە ڕێگایەوە فێرخواز ئاشنادەکرێت بە زانیاری و ڕاستییەکان سەبارەت بە نیشتمانی لە ڕوی سروشتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان نێوان تاکەکانی کۆمەڵگاکەی و کۆمەڵگاکانی دیکە " (الكلابي ،2022،15 ).
- پێناسەی ڕێکاری: پەرتووکی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان بریتیین لەو بڕیاردەرە خوێندنانەی کە بابەتەکانی مێژوو و جوگرافیا لەخۆدەگرێت و لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانەوە لە پۆلەکانی (4-5-6)ی بنەڕەتی دەخوێنرێت و لەم توێژینەوەدا شیکردنەوەی ناوەڕۆکی لەلایەن توێژەرەوە بۆ دەکرێت.

**بەشی دووەم : چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەی پێشوو**

**شوناسی نەتەوەیی :**

وشەی شوناس (identity) لە وشەی ( Identities ) لاتینیەوە وەرگیراوە کە بە واتای کۆی ئەو تیبەتمەندییانە دێت کە وا لە تاک دەکات خۆی بێت و لە کەسەکانی دیکە جیاوازبێت ، نەتەوە ش شوناسە بۆ گەلێکی دیاریکراو . هەندێک پێیانوایە نەتەوە و نیشتمان هیچ جیاوازیان نییە و نیشتمان جۆرێکە لە نەتەوە ، بۆ نموونە هەر یەک لە نوسەران ڕۆبرت ماکفیر و شالرز بیدج بیرۆکەی نەتەوەیی پشت بە بنەمای بوونی خاک باو و باپیران دەبەستێت ( العالم ، 2016، 97 ). دەکرێت باس لە چەند قۆناغ بکرێت لە بایەخدان بە چەمکی و نەتەوە وئەنجامدانی لێکۆڵینەوە سەبارەتی لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا کە بیرۆکەی نەتەوەیی هاتەئاراوە ، بۆچونەکانی هەریەک لە (عمانۆیل کانت) و (جان جاک ڕۆسۆ) و (هێردر ) و (فێختە ) و (مێڵ ) و (لۆرد ئەکتون) و (مارکس) و (ئەنگلز) و (لینین) و (لوکسمبۆرگ) و (دورکهایم) و (فیبەر) . و قۆناغی دووەم لە ساڵی( 1918) تاکۆ ( 1945) کە کارەکانی هەریەک لە (کارتون) و (هیز ) و (کوهین) و (لوین سنایدەر) دەگرێتەوە ، قۆناغی سێیەم لە نێوان (1945 – 1989 ) بە کاریگەری کارەکانی (دانیل لیرنر) و (دویتش) و (ئیلی خدوری) کە چوارجێوەی توێری نەتەوەیی زۆە فراوان بوو ، و قۆناغی چوارەم لە( 1989) دەست پێدەکات تاکو ئێستا کە گفتوگۆکانی نەتەوەیی سنوری کلاسیکی تێپەڕاند .

ئەگەر بە کورتی باس لەو چوار قۆناغەی سەرەوە بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە( ئەمانۆیل کانت) کاریگەری هەبوو لەسەر ڕونکردنەوەی چەمکی نەتەوە لە چوارجێوەی فەلسەفەی ئەورووپیدا ، بەڵام (جان جاک ڕۆسۆ) ڕۆڵی هەبوو لە بڵاوکردنەوەی برۆکەی مافی چارەنوسی و خاوەن بیرۆکەی (ئیرادەی گشتی) بوو وەک پەرچەکردارێک دژ بە مەترسییەکانی دیکتاتورییەت و سەرکوت کردن . بەڵام ڕوناکبیری ئەڵمانی (هیردەر) جەختی لەسەر (جیاوازی کەلتوری نەتەوەیی ) کردەوە ، بەهامان شیوە (فێختە) لە پەرتوکی (وتار

sjh@univsul.edu.iq

بۆ نەتەوەی ئەڵمانی) باسی لە (جیاوازی نەتەوەی ئەڵمان) کرد ،کەچی (هانز کوهن) لە قۆناغی دووەمدا باسی لە دوو جۆر لە بیرۆکەی نەتەوەیی کرد کاتێک ئاماژەی بەوە کرد کە بیرۆکەی نەتەوەیی ڕۆژئاوایی لە مندالدانی سەردەمی ڕینسانسەوە لەدایک بوو هەر بۆیە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەچەمکەکانی ئازادی تاکی و فرەکەلتورییەوە هەبوو ، کەچی بیرۆکەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و لە ڕۆژهەڵات لە ژێر کاریگەری دەرەکیدا بوو هەر بۆیە تێکەڵ بوو لەگەڵ هەستکردن بە کەمی و قەرەبوکردنی ئەر هەستەکردن بە کەمییە لە ڕێگای زیادە ڕەویکردن لە بروا بەخۆبوون ، و لەگرنگترین بەرهەمەکانی (کوهین) پەرتوکی ( بیرۆکەی نەتەوەیی) لە ساڵی( 1944) . هەروەها لە ساڵی( 1958) دانییل لیرنر لە پەرتوکی (مردنی کۆمەڵگای کلاسیکی) باس لەچۆنێتی گواستنەوەی بیرۆکەی نەتەوەیی دەکات لە بنەما و بەها کلاسیکیەکانەوە بۆ هاوچەرخبوون ، هەروەها ئیلی خدروری کە بەرەگەز عێراقی بوو و کۆچی بۆ ئەمریکا کرد و لە واشنتن کۆچی دوایی کرد ، ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە پێشخستنی گفتوگۆی تیۆری سەبارەت بە چەمکی نەتەوەیی بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست لە گرنگترین بەرهەمەکانی پەرتوکی( نەتەوە)و (نەتەوە لە ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست) لە ساڵ ( 1960) ( اوزكيريملي ، 2013 ، 35-37).

دەتوانین بڵێین نوسەرو فەیلەسوفە ئەڵمانییەکان ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو لە بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەیی ، هەروەها ئیتاڵیاش دوای ئەڵمانیا بوو بە ژینگەیەکی لەبار بۆ بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەیی ، بەڵام هەریەک لە نەمسا و روسیا بەپێچەوانەی ئەڵمانیا و ئیتاڵیا دژایەتی بڵاوبونەوەی بیری نەتەوەییان دەکرد چونکە دەسەڵاتیان بەسەر چەندین نەتەوەی جیاوازدا هەبوو دەیانزانی بڵاوبونەوەی بیری نەتەوەیی دەبێت هۆی لەدەستدانی دەسەڵاتیان هەر بۆیە هەموو جۆرە توندو تیژییەکیان بەکارهێنا بۆ بنبڕکردنی بیری نەتەوەیی لە وەڵاتی خۆیان وبەتوندی دژایەتی خۆیان ڕاگەیاندن دژ بەوەی لە هەندێک وڵاتی ئەوروپی ڕودەدات ( الحصري , 1985، 13).

**بنەماکانی شوناسی نەتەوەیی :** شوناسی نەتەوەیی چەند بنەمایەکی گشتی هەیە وەک :

1. هەر نەتەوەک شوناسی تایبەت بە خۆی هەیە و لە گەل و نەتەوەکانی دیکە جیای دەکاتەوە و پاراستنی ئەو شوناسە زۆر بەربەستی جۆراوجۆری بۆ دروست بووە بە پێی قۆناغەکانی مێژوو .
2. شوناسی نەتەوەیی بە هێمایەکی پیرۆزە دادەنرێت لای ئەندامانی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر چی ڕاوبۆچون و کەلتوری جیاوازیان هەبێت و هەر پێشێلیەک بۆ سەر شوناسی نەتەوەیی بە پێشێلی بۆ سەر نەتەوە و مێژووی نەتەوە ئەژمار دەکرێت .
3. شوناسی نەتەوەیی هەوێنی یەکگرتوویی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگایە و وا دەکات پێکەوە بۆ پێشخستنی کۆمەڵگا کار بکەن . ( العبيداني ، 2009 ، 8)
4. دەبێت شوناسی نەتەوەیی گونجاوبێت لەگەڵ بنەماکانی هاوڵاتی بوون و بیری ڕامیاری و یاسایی سەردەم کە یەکسانی و مافی سەرجەم هاوڵاتیان بپارێزێت.
5. دەبێت شوناسی نەتەوەیی ڕەنگدانەوەی واقعی گەل بێت وەک گەلێکی یەکگرتوو کە ئەگەری لەتبونی نەبێت ، واتا نابێت شوناسی نەتەوەیی ببێت بە ڕەنگدانەوەی بۆچونی چینێکی دیاریکراو یان بۆچونێکی سیاسی تەسک( الترهوني ،2020 : 227)

sjh@univsul.edu.iq

**پاراستنی شوناسی نەتەوەیی :**

شوناسی نەتەوەیی بەپێی دوو فاکتەر دروست دەبێت و گۆڕانی بەسەردا دێت ، یەکەم فاکتەری ناوەکی کە پێکدێت لەو دابو نەریتەی لە کۆنەوە کۆمەڵگا هەیبووە ، بەڵام فاکتەری دووەم دەرەکییە و بریتییە لە کارلێکی کۆمەڵگا لەگەڵ جیهانی دەرەوە و ئەو گۆڕانکاریانەی کە ڕوودەدەن (البیطار،2012، 34) هەر ئەوەش وا دەکات شوناسی نەتەوەیی مەترسی لەناوچونی لەسەربێت بە تایبەت لە جیهانی ئەمڕۆدا کە ناسراوە بە جیهانی گوند ، کە ململانییەکی بەردەوام هەیە لە نێوان شوناسی نەتەوەیی گەلان و شوناسی جیهانیبوون لە بەرژەوەندی زلهێزەکان کە سود لە پێشکەوتنی تەکنۆلۆجی و هۆکارەکانی گەیاندن و ڕاگەیاندن وەردەگرن تا ڕادەیەک ناو دەنرێت بە داگیرکردنی کەلتوری بە تایبەت دوای بلاوبونەوەی ئەنتەرنێت کە کاریگەرێکی زۆری هەبوو لە لاوازکردنی شوناسی نەتەوەیی ڕەسەن ودروستکردنی جیهانێکی گریمانی کە شان بەشانی جیهانی ڕاستەقینە کە کار لە تاکەکانی کۆمەڵگا و بیرو باوەڕو کەلتویان دەکات. ( السروجي و همام ، 2016، 24-25 )

بەپێی ئەوەی باسمان کرد لە جیهانی ئەمڕۆدا زۆربەی گەلان کێشەی پاراستنی شوناسیان هەیە وجیهانگیری وای کردووە شوناسی لاوەکی دیکە دروست بێت کە کاریگەری خراپی لەسەر شوناسی نەتەوەیی یان نیشتمانی هەبێت ( مهدي ، 2009 ،486)، دەتوانین مەترسییەکان لەسەر شوناسی نەتەوەیی بەم خاڵانەی خوارەوە کورت بکەینەوە :

1. جیهانگیری : دیاردەیەکی جیهانییە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاوە بە تایبەت لە بواری گەیشتن و گەیاندن و ڕاگەیاندن شوناسی نەتەوەیی گەلان لاوازبووە و زۆر لە بەهاکۆمەڵایەتییەکان و بیرو باوەڕەکان لە ، ئەوەی شایەنی باسبێت جیهانگیری بە سێی شێوە دەرکەوتووە کەبریتین لە جیهانگیری ئابووری و جیهانگیری ڕامیاری و جیهانگیری ڕۆشنبیری کە بە مەترسیترین جۆرەکانی جیهانگیری دادەنرێت کە لە ڕێگایەوە هەوڵدەدرێت یەک جۆر لە ڕۆشنبیری و شیوازی ژیان لە جیهاندا بڵاوبکرێتەوە و پەیڕەوبکرێت کە کەلتور وشێواژی ژیانی ڕۆژئاوایە.
2. هۆکارە ناوەکییەکان : زۆرێک لە دەزگا پەروەردەییەکان ڕۆڵی لاوازە و پێویستی بە پەرەپێدان هەیە وەک پەیڕەو خوێندن ، هەروەها لاوازن لە پێگەیاندنی نەوەی داهاتوو و جێگیرکردنی بەهاکانی کۆمەڵگا و فێربوونی زانست و هونەری گونجاو بۆ پێکهێنانی هاولاتی چاک کە بتوانێت لە تایبەت مەندی و کەلتوری کۆمەڵگا تێبگات ( ابراهيم و اخرون ، 2019 ، 266-269).

**توێژینەوەی پێشوو لەسەر شوناسی نەتەوەیی :**

لەبەر گرنگی بابەتی شوناسی نەتەوەیی و گەورەیی ئەو ڕۆڵەی کە پەروەردە لە ڕێگای پەرتوکی خوێندن بەتایبەتی دەیگێڕێت چەندین توێژینەوە لەو بارەیەوە ئەنجامدراوە هەر وەک لە خشتەی (1) توێژەر هەندێکیان بە کورتی دەخاتە ڕوو

sjh@univsul.edu.iq

خشتەی (1)

توێژینەوەکانی پێشووتر

| ژ | ناوی توێژەر و ساڵ ئەنجامدان | ناونیشانی توێژینەوەکە | کۆمەڵگای توێژینەوەکە | ڕێبازو ئامرازی توێژینەوەکە | گرنگترین ئەنجامەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| 1. | (ابوکف ،2023) | ڕادەی بونی شوناسی نەتەوەیی لە پەرتوکی پەروەردەی نیشتمانی و مەدەنی بۆ پۆلی شەشەم لە ئوردن | پەرتوکی پەروەردەی نیشتمانی پۆلی شەشەمی سەرەتایی | ڕێبازی شیکردنەوەی ناوەڕۆک<br>فۆرمی شیکردنەوەی ناوەرۆک کە لە ٥٥ بەها پێکهاتبوو و بەسەرپێنج ڕەهەندا دابەشبوو | ڕەهەندی کۆمەڵایەتی بە پلەی یەکەم و ڕەهەندی کەلتوری و ڕۆشنبیری پلەی ناوەند و ڕەهەندی نیشتمانی و ژینگەیی لاوازبوو . |
| 2. | ( العامري ،2022) | ئاستی بوونی ڕەهەندەکانی شوناسی نیشتمانی لە کارە هونەرییەکانی خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەری لە زانکۆی سوڵتان قابوس لە ڕوانگەی شارەزایانی بوارەکە | ٤٢ لە کارە هونەرییەکانی خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەری لە زانکۆی سوڵتان قابوس | پێوانەیەک ئامادەکرا بۆ کارەهونەرییەکان کە پێک هاتبوو لە پێنج بوار و ٣٤ برگە | ئاستی شوناسی نیشتمانی بە شێوەیەکی گشتی زۆر بەرزبوو |
| 3. | برکاني ،2021 | شێوەی شوناسی نیشتمانی لە قوتابخانەی جەزائیری لە رێگای پەرتوکی زمانی عەرەبیەوە – قۆناغی ناوەندی وەک نموونە | پەرتوکی زمانی عەرەبی لە قۆناغی ناوەندی لە جەزائیر | وەسفی شیکاری لە ریگای بەکارهێنانی ڕاپرسی بۆ مامۆستایان و خوێندکاران کە لە ١٢ پرسیار پێکهاتبوو | شوناسی نەتەوەیی جازائیری لە گرنگترین بابەتەکانە ، لە رێگای ناوەڕۆکی پەرتوکەکانەوە هەڵێ ئامادەکردنی نەوەیەکی هۆشیار بە ئاین و داب و نەریتی دەدرێت . |
| 4. | (السروجي، ،همام 2016) | گەنجان و دیاردەی ئەنومی خوێندنەوەیەک لە ململانێی شوناسی نەتەوەیی و جیهانی | ------- | توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە بۆ پاشخانە توێریی و لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بە بابەتی توێژینەوەکە | گەیشت بەوەی کە شوناسی نەتەوەیی لە چوارچیوەی چیهانی سەردەمدا لە مەترسی و لاوازبوندایە و چینی گەنجان بە ئاستێکی بەرز کەوتونەتە ژێر کاریگەری شوناسی جیهانی |

sjh@univsul.edu.iq

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| .5 | رابحي 2013, | رادەی بونی ڕەگەزەکانی شوناسی نیشتمانی لە پەرتوکەکانی خوێندنی مێژودا لە قۆناغی ناوەندی لە جەزائیر | پەرتوکەکانی خوێندنی مێژودا لە قۆناغی ناوەندی | شیکردنەوەی ناوەڕۆکی پەرتەکەکان بە بەکارهێنانی فۆرمی شیکردنەوە | شوناسی جەزائیری بە پلەی یەکەم هات و دواتر شوناسی ئیسلامی و دواتر شوناسی عەرەبی و دواتر شوناسی ئەمازیغی پلەی کۆیایی |

توێژەر توانی سوود لە توێژینەوەکانی دیکە بکات لە ڕوویی هەنگاوە ڕێکارییەکان کە پێادەیان کردبوو لە شیکردنەوەی ناوەڕۆکی پەرتووکەکان ، هەروەها وەک سەرچاوەی زانستی لە خستنەڕوویی چوارجێوەی تیۆری توێژینەوەکە بەکارهێنران .

**بەشی سێیەم : ڕێبازی توێژینەوەکە و ڕێکارییەکانی**

**یەکەم : ڕێبازی توێژینەوەکە** :ڕێگای شیکردنەوەی ناوەڕۆک بەکارهێنرا چونکە لەگەڵ ئامانجەکانی توێژینەوەکەدا گونجاو بوو ، کە یەکێکە لە ڕێبازی توێژینەوەی وەسفی(Descriptive Research) کە تیایدا وەسفی ناوەڕۆکێکی دیاری کراو دەکات دوای شیکردنەوەەی .

**دووەم : کۆمەڵگای توێژینەوەکە** : بریتیە لە پەرتوکەکانی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان لە پۆلەکانی (4-5-6)ی بنەڕەتی بۆ ساڵی خوێندنی 2024-2025 هەر وەک لە خوارەوە ڕونکراوەتەوە :-

1. پەرتوکی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەتی چاپی 23 ساڵی 2023زاینی بەرامبەر 2723کوردی و بەرامبەر 1444 کۆچی، کە لە 114 لاپەرە پێکهاتووە ، لە لاپەڕەکانی ( 4- 60) بابەتی مێژووە و لاپەڕەکانی ( 61- 114) بابەتی جوگرافیایە .
2. پەرتوکی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان بۆ پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی چاپی 23 ساڵی 2023زاینی بەرامبەر 2723کوردی و بەرامبەر 1444 کۆچی،کە لە 124 لاپەرە پێکهاتووە ، لە لاپەڕەکانی ( 4- 67) بابەتی مێژووە و لاپەڕەکانی ( 68- 124) بابەتی جوگرافیایە .
3. پەرتوکی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەتی چاپی 23 ساڵی 2023زاینی بەرامبەر 2723کوردی و بەرامبەر 1444 کۆچی،کە لە 120 لاپەرە پێکهاتووە ، لە لاپەڕەکانی ( 4- 67) بابەتی مێژووە و لاپەڕەکانی ( 68- 120) بابەتی جوگرافیایە.

**سێیەم : نموونەی توێژینەوەکە :** توێژەر نموونەی ڕوپێوەی گشتگیر بەکارهێنا بۆیە سەرجم کۆمەڵگای توێژینەکەی وەک نموونەی توێژینەوە وەرگرت .

**چوارەم : ئامرازی توێژینەوەکە :** بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی پەرتوکەکانی بابەتەکۆمەڵایەتیەکان وا پێویست بوو فۆرمی شیکردنەوەئامادە بکرێت بۆ ئەو مەبەستەش و دوای گەڕانەوە بۆ توێژینەوەکانی پێشوو توێژەر توانی فۆرمێک ئامدەبکات کە پێکهاتبوو لە چوار توێژ ( ڕاستییەکان و بەهاکان وکەسایەتی و هێماکان ) وژمارەی دووبارەبونەوە و ڕێژەی سەدی دووبارە بونەوە وەک پێوەری ژماردن بە شیوەی سەرەتایی دیاری کرا . و دروستی و جێگیری ئامرازی شێکردنەوەکە دیاریکرا :-

1. **دروستی ئامرازی شیکردنەوەکە :** بە مەبەستی دیاریکردنی ڕادەی دروستی ئامرازی شیکردنەوەکە توێژەر سودی لە بۆچونی (9) شارەزا لە بواری پەروەدە و دەرونزانی و ڕێگاکانی وانەوتنەوە (پاشکۆی 1) وەرگرت سەبارەت بە گونجاوی ئامرازی شیکردنەوە و توێژەکان و ڕێگای ژماردنیان و داوایان لێکرا هەر گۆڕانکارییەک کە پێیان باشە بیخەنەڕوو، دوای کۆکرنەوەی فۆرمەکان دەرکەوت هاورابوون لەسەر دروستی ئامرازاکە بە شێوەکی گشتی و تەنها یەک شارەزە پێشنیاری زیادکردنی ڕەهندەکانی خستەڕوو کە توێژەر بەهەند وەری گرت ، بۆیە دەتوانین بڵێن ڕێژەی ڕێکەوتنی شارەزایان لەسەر گونجاوی ئامرازەکە (100%) بوو.

2. **جێگیری شیکردنەوەکە :** بۆ دیاریکردنی ئاستی جێگیری شیکرنەوەی ناوەڕۆکی پەرتوکەکان پەنا بۆ ڕیگای شیکردنەوە لە دوو کاتی جیاوازدا لە لایەن توێژەرەوە بۆیە بەشێک لە پەرتوکی بابەبەتەکۆمەڵایەتییەکانی پۆلی پێنجەم بابەتی مێژوو بەندەکانی (یەکەم و دووەم ) و بابەتی جوگرافیا بەندەکانی ( یەکەم و دووەم ) شیکردنەوەی بۆ کرا و دوای تێپەڕبوونی(15)ڕۆژ دیسانەوە شیکردنەوەی بۆ کرایەوە ودوای بەکارهێنانی هاوکێشەی کۆپەر ( Cooper) لە ئەنجامدا دەرکەوت کە شێکردنەوەکە جێگیرییەکی بەرزی هەیە هەر وەک لە خشتەی ژمارە (2) ڕونکراوەتەوە.

خشتەی (2)

بەهای جێگیری شیکردنەوەکە نێوان شیکردنەوەی یەکەم و دووەم

| پەرتوکی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان | نموونەی شیکراوە | شیکردنەوەی یەکەم | شیکردنەوەی دووەم | خاڵی هاوبەش | خاڵی جیاواز | بەهای جێگیری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پۆلی پێنجەم | 40لاپەرە بەندەکانی 1و2 مێژوو 1و2 جوگرافیا | 44 | 47 | 44 | 3 | % 93 |

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**پێنجەم : بنەماکانی ئامادەکردنی فۆرمی شیکردنەوەکە:**

ئامرازی توێژینەوەکە بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی پەرتوکەکانی بابەبەتە کۆمەڵایەتییەکان پشتی بە بنەما زانستییەکانی شیکردنەوەی ناوەڕۆک بەست کە بریتی بوون لە :-

1. دیاریکردنی ئامانج لە شیکردنەوە : ئامانجی شیکردنەوە ناوەڕۆکی پەرتووکەکانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لەم توێژینەوەدا بریتی بوو لە ئاشکراکردنی ئاستی بایەخدان بە شوناسی نەتەوەیی کوردی تیاندا هەر وەک لە بەشی یەکەم لە ئامانجی توێژینەوەکە بە ووردی دیاری کرابوون .
2. دیاریکردنی یەکەی شیکردنەوە : توێژەر پشتی بە یەکەی بیرۆکە ( Theme ) بەست لە شیکردنەوەی ناوەڕۆکی پەرتوکەکان کە ڕەنگە لە چوارچیوەی دەقێکی کورت یان درێژ یان تەنانەت دەستەواژەیەک بێت کە ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ ئاماژە بە شوناسی نەتەوەیی کورد بکات بێگومان ئەم یەکەیە وێنەکان و شیوەکان و نەخشەکانیش دەگرێتەوە کە لە ناوەڕۆکی پەرتوکەکان هاتبێت و ئاماژە بە شوناسی نەتەوەی کورد بکات.
3. کورت یان درێژ یان تەنانەت دەستەواژەیەک بێت کە ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ ئاماژە بە شوناسی نەتەوەیی کورد بکات بێگومان ئەم یەکەیە وێنەکان و شیوەکان و نەخشەکانیش دەگرێتەوە کە لە ناوەڕۆکی پەرتوکەکان هاتبێت و ئاماژە بە شوناسی نەتەوەی کورد بکات.
4. دیاریکردنی یەکەی ژماردن : یەکەی ژماردن بریتی بوو لە دووبارەبونەوە (Frequency ) وبریتییە لە ژمارەی دووبارەبونەوەی بیرۆکەکان لە ناوەڕۆکی ئەو بابەتانەی کە شیکردنەوەیان بۆ دەکرێت ، یەکەی دووبارەبونەوە بۆ ئەم جۆرە توێژینەوە چونکە گونجاوە چونکە هەمان کێش بەسەرجەم یەکەکانی ناوەڕۆک دەبەخشێت .

**شەشەم : فۆرمی شیکردنەوەکە بەشێوەی کۆتایی :**

بە شێوەی کۆتایی فۆرمی شیکردنەوەکە پێکهاتووە لە چوار ڕەهەندی سەرەکی کە ئەوانیش بریتی بوون لە ڕاستییەکان و بەهاکان و کەسایەتییەکان و هێماکان ، بەم شێوەی خوارەوە :-

1. ڕاستییەکان : برتیین لەو بیرۆکانەی کە ئاماژە بە دیاردەیەك یان ڕوداوێکی ڕاست دەکەن لە هەر بوارێکدا بێت تایبەت بە کورد و کوردستان .
2. کەسایەتییەکان : بریتییە لە کەسایەتی و ناودارانی کورد کە بە جۆرێك لە جۆرەکان کاریان بۆ پێشخستنی کۆمەڵگای کوردی کردووە لە بوارێکی دیاریکراودا ؟
3. بەهاکان : هەموو ئەو بەهایانە دەگرێتەوە کە لە ڕابردوودا یان لە ژیانی هاوچەرخدا لە کۆمەڵگای کوردی بونی هەبووە لە هەر بوارێک بێت وەک کۆمەلاتی ، ئاینی، زانستی ، تەندروستی .....هتد .

sjh@univsul.edu.iq

4. هێماکان : سەر ئەو هێمایانە دەگرێتەوە کە ئاماژە بە شوناسی نەتەوەیی کورد دەکات لە هەر بابەتێک و بەهەر شێوەیەک وەك ئاڵا و نەخشە و پۆشاک وشوێنەوار ....هتد .

**حەوتەم : هەنگاوەکانی شیکردنەوەکە :**

هەنگاوەکانی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی پەرتوکەکان بەم شیوەی خوارەوە ئەنجامدرا :

1. خوێندنەوەی هەر دەقێک لە دەقەکان بو یەکەم جار بە شیوەیەکی گشتی تا بیرۆکەیەکی سەرەتایی لای توێژەر لە سەر ناوەڕۆکەکە دروست بێت .
2. ئەنجامدانی خوێندنەوەی دووەم بۆ دەقەکان بە ووردی و دیاریکردنی بیرۆکەکان .
3. تۆمارکردنی جۆری بیرۆکەکە لە سەر لاپەڕەکە و داتر تۆمارکردنی لە فۆرمی شیکردنەوەکەدا .
4. تۆمارکردنی ژمارەی دووبارەبونەوەی بیرۆکەکان لە دەقەکانی دواتردا

**هەشتەم :ئامرازە ئامارییەکان :**

- هاوکێشەی کۆپەر (Cooper) بۆ ئاشکراکردنی ڕادەی جێگیری شیکردنەوەکە .
- ڕێژەی سەدی بۆ ئاشکرا کردنی ڕێژەی دووبارەبونەوەی بیرۆکەکان لە ناوەرۆکی پەرتووکەکان.

**بەشی چوارەم : خستنەڕویی ئەنجامەکان**

لەم بەشەدا توێژەر بەپێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە ئەنجامەکان دەخاتەڕوو ، هەر وەک لە خوارەوە هاتووە:-

ئامانجی یەکەم : سەبارەت بە ئامانجی یەکەم کە بریتی بوو لە (ئاشکراکردنی ڕێژەی بوونی شوناسی نەتەوەی کورد لە ناوەڕۆکی پەرتوکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی چوارەمی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان) ، ئەنجامەکان دەریان خست کە ڕێژەی دووبارەبونەوەی بیرۆکەکانی شوناسی نەتەوەی کورد بەپێی ڕەهەندەکان بەم شیوەی خوارەوە بوو :

1. شوناسی نەتەوەیی کوردی لە ڕەهەندی ڕاستییەکان بە پلەی یەکەم هات بە کۆی (57) دووبارەبونەوە و و ڕاستییە مێژووییەکان بە ڕێژەی (35.08) و وێنەکان بە ڕێژەی (22.8) و جوگرافیا بەڕێژەی (17.54) هەر وەک بە ووردی لە خشتەی (3) هاتووە .

خشتەی (3)

ئەنجامی چەندبارە و ڕێژەی سەدی بونی شوناسی نەتەوەیی بەپێی ڕەهەندی ڕاستییەکان

| ڕاستییەکان | چەندبارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| مێژویی | 20 | 35.08 |
| جوگرافی | 10 | 17.54 |
| ئابوری | 6 | 10.52 |
| کۆمەڵایەتی | 5 | 8.77 |
| ئاینی | 2 | 3.5 |
| وێنە | 13 | 22.8 |
| هی دیکە | 1 | 1.75 |

2. شوناسی نەتەوەیی کوردی لە ڕەهەندی هێماکان بە پلەی دووەم هات بە کۆی ( 15) دووبارەبونەوە ، و هێماکانی شوێنەوار بە ڕێژەی (33.33) و وێنەکان و نەخشەکان بە ڕیژەی (27.77) و ئاڵا بەڕێژەی (11.11) هاتبوو هەر وەک بە ووردی لە خشتەی (4) هاتووە .

خشتەی (4)

ئەنجامی چەندبارە و ڕێژەی سەدی بونی شوناسی نەتەوەیی بەپێی ڕەهەندی هێماکان

| هێماکان | چەندبارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| ئاڵا | 2 | 11.11 |
| جوگرافی | - | - |
| ئابوری | - | - |
| نەخشتە | 5 | 27.77 |
| پۆشاک | - | - |
| شوێنەوار | 6 | 33.33 |
| کەلتوور | - | - |
| وێنە | 2 | 27.77 |
| هی دیکە | - | - |

3. شوناسی نەتەوەیی کوردی لە ڕەهەندی کەسایەتییەکان بە پلەی سێیەم هات بە کۆی (7) دووبارەبونەوە و کەسایەتی مێژوویی بە ڕیژەی (42.85٪ ) و کۆمەڵایەتی بەڕێژەی (28.57٪) و سیاسی (28٪) هاتبوو هەر وەک بە ووردی لە خشتەی (5) هاتووە .

sjh@univsul.edu.iq

خشتەی (5)

ئەنجامی چەندبارە و ڕێژەی سەدی بونی شوناسی نەتەوەیی بەپێی ڕەهەندی کەسایەتییەکان

| کەسایەتییەکان | چەندبارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| مێژویی | 3 | 42.85 |
| جوگرافی | - | - |
| ئابوری | - | - |
| کۆمەڵایەتی | 2 | 28.57 |
| ئاینی | 1 | 14 |
| سیاسی | - | 28 |
| ئەدەبی | - | - |
| رۆشنبیری | 1 | 14.28 |
| وێنە | - | - |
| هی دیکە | - | - |

ئامانجی دووەم : سەبارەت بە ئامانجی دووەم کە بریتی بوو لە (ئاشکراکردنی ڕێژەی بوونی شوناسی نەتەوەی کورد لە ناوەڕۆکی پەرتووکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان) ، ئەنجامەکان دەریان خست کە ڕێژەی دووبارەبونەوەی بیرۆکەکانی شوناسی نەتەوەی کورد بەپێی ڕەهەندەکان بەم شێوەی خوارەوە بوو :

1. شوناسی نەتەوەیی کوردی لە ڕەهەندی ڕاستییەکان بە پلەی یەکەم هات بە کۆی (79) دووبارەبونەوە و ڕاستییە جوگرافیا بە ڕێژەی (40.5%) مێژوویەکان بە ڕێژەی (13.92%) و وێنەکان بەڕێژەی (11.39%) هەر وەک بە ووردی لە خشتەی (6) هاتووە .

خشتەی (6)

ئەنجامی چەندبارە و ڕێژەی سەدی بونی شوناسی نەتەوەیی بەپێی ڕەهەندی ڕاستییەکان

| ڕاستییەکان | چەندبارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| مێژویی | 11 | 13.92 |
| جوگرافی | 32 | 40.5 |
| ئابوری | 16 | 21.51 |
| کۆمەڵایەتی | 4 | 5.06 |
| ئاینی | 5 | 6.32 |
| وێنە | 9 | 11.39 |
| هی دیکە | 2 | 2.53 |

2. شوناسی نەتەوەیی کوردی لە ڕەهەندی هێماکان بە پلەی دووەم هات بە کۆی ( 28) دووبارەبونەوە و وێنەکان بە ڕێژەی ( 53.57%) و نەخشەکان بە ڕێژەی (28.57% ) و شوێنەوارەکان بەڕێژەی ( 10.71% )هەر وەک بە ووردی لە خشتەی (7) هاتووە .

خشتەی (7)

ئەنجامی چەندبارە و ڕێژەی سەدی بونی شوناسی نەتەوەیی بەپێی ڕەهەندی هێماکان

| هێماکان | چەندبارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| ئاڵا | 1 | 3.57 |
| جوگرافی | - | - |
| ئابوری | - | - |
| نەخشتە | 8 | 28.57 |
| پۆشاک | 1 | 3.57 |
| شوێنەوار | 3 | 10.71 |
| کەلتوور | - | - |
| وێنە | 15 | 53.57 |
| هی دیکە | - | - |

3. شوناسی نەتەوەیی کوردی لە ڕەهەندی کەسایەتییەکان بە پلەی سێیەم هات بە کۆی (13) دووبارەبونەوە و کەسایەتییە ئاینی بەڕێژەی (61.53% ) مێژوویەکان بە ڕێژەی (10.71% ) و وێنەکان بەڕێژەی (7.69%) هەر وەک بە ووردی لە خشتەی (8) هاتووە .

خشتەی (8)

ئەنجامی چەندبارە و ڕێژەی سەدی بونی شوناسی نەتەوەیی بەپێی ڕەهەندی کەسایەتییەکان

| کەسایەتییەکان | چەندبارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| مێژویی | 4 | 30.76 |
| جوگرافی | - | - |
| ئابوری | - | - |
| کۆمەڵایەتی | - | - |
| ئاینی | 8 | 61.53 |
| سیاسی | - | - |
| ئەدەبی | - | - |
| ڕۆشنبیری | - | - |

| | | |
|---|---|---|
| وێنە | 1 | 7.69 |
| هی دیکە | - | - |

ئامانجی سێیەم : سەبارەت بە ئامانجی سییەم کە بریتی بوو لە (ئاشکراکردنی ڕێژەی بوونی شوناسی نەتەوەی کورد لە ناوەڕۆکی پەرتووکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان)، ئەنجامەکان دەریان خست کە ڕێژەی دووبارەبونەوەی بیرۆکەکانی شوناسی نەتەوەی کورد بەپێی ڕەهەندەکان بەم شێوەی خوارەوە بوو :

1. شوناسی نەتەوەیی کوردی لە ڕەهەندی ڕاستییەکان بە پلەی یەکەم هات بە کۆی ( 92) دووبارەبونەوە و ڕاستییە مێژووییەکان بە ڕێژەی ( 29.34% ) و جوگرافییەکان بە ڕێژەی (19.56%) و وێنە بە ڕێژەی (18.47%) هەر وەک بە ووردی لە خشتەی (9) هاتووە .

خشتەی (9)

ئەنجامی چەندبارە و ڕێژەی سەدی بونی شوناسی نەتەوەیی بەپێی ڕەهەندی ڕاستییەکان

| ڕاستییەکان | چەندبارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| مێژوویی | 27 | 29.34 |
| جوگرافی | 18 | 19.56 |
| ئابوری | 10 | 10.86 |
| کۆمەڵایەتی | 7 | 7.6 |
| ئاینی | 6 | 6.52 |
| وێنە | 17 | 18.47 |
| هی دیکە | 7 | 7.6 |

2. شوناسی نەتەوەیی کوردی لە ڕەهەندی کەسایەتییەکان بە پلەی دووەم هات بە کۆی (62) دووبارەبونەوە و کە کەسایەتییە سیاسیەکان بەڕیژەی (41.93%) و کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکان بە ڕیژەی (19.35%) و وێنەکان بەڕێژەی (19.35%) جار هاتبوو و هر وەک بە ووردی لە خشتەی ( 10) هاتووە .

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

خشتەی (10)

ئەنجامی چەندبارە و ڕێژەی سەدی بونی شوناسی نەتەوەیی بەپێی ڕەهەندی کەسایەتییەکان

| کەسایەتییەکان | چەندبارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| مێژویی | - | - |
| جوگرافی | - | - |
| ئابوری | - | - |
| کۆمەڵایەتی | 12 | 19.35 |
| ئاینی | 5 | 8.06 |
| سیاسی | 26 | 41.93 |
| ئەدەبی | 3 | 4.83 |
| رۆشنبیری | 4 | 6.45 |
| وێنە | 12 | 19.35 |
| هی دیکە | - | - |

3. شوناسی نەتەوەیی کوردی لە ڕەهەندی هێماکان بە پلەی سێیەم هات بە کۆی ( 25) دووبارەبونەوە  بوو ، کە نەخشەکان بەڕێژەی  (24%) و وێنەکان  بەڕێژەی (24%) و ئالا بەڕێژەی (12%)هاتبوو ، هەر وەک بە ووردی لە خشتەی (11) هاتووە .

خشتەی (11)

ئەنجامی چەندبارە و ڕێژەی سەدی بونی شوناسی نەتەوەیی بەپێی ڕەهەندی هێماکان

| هێماکان | چەندبارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| ئاڵا | 3 | 12 |
| جوگرافی | - | - |
| ئابوری | 1 | 4 |
| نەخشتە | 14 | 56 |
| پۆشاک | 1 | 4 |
| شوێنەوار | - | - |
| کەلتوور | - | - |
| وێنە | 6 | 24 |
| هی دیکە | - | - |

بە پشت بەستن بەو ئەنجامانەی سەرەوە بە شێوەکی گشتی ژمارەی دووبارەبونەوەی شوناسی نەتەوەیی کوردی لە پەرتووکی بابەتەکۆمەڵایەتییەکانی پۆلەکانی (4-5-6) بەم شێوەبوو کە لە خشتەی (12) هاتووە

خشتەی (12)

دووبارەبونەوەی شوناسی نەتەوەیی کوردی بەشێوەیەکی گشتی لە پەرتووکی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان

| پەرتووکەکان | ڕەهەندەکان | | | | | | کۆ | ڕێژەی % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕاستییەکان | ڕێژەی % | کەسایەتییەکان | ڕێژەی % | هێماکان | ڕێژەی % | | |
| پۆلی چوارەم | 57 | 25 | 7 | 8.54 | 15 | 22.06 | 79 | 20.90 |
| پۆلی پێنجەم | 79 | 34.65 | 13 | 15.85 | 28 | 41.27 | 120 | 31.75 |
| پۆلی شەشەم | 92 | 40.35 | 62 | 75.61 | 25 | 36.67 | 179 | 47.35 |
| کۆ | 228 | %100 | 82 | %100 | 68 | %100 | 378 | 100 |

**دەرئەنجامەکان و شیکردنەوەیان :**

1. کۆی گشتی ژمارەی دووبارەبونەوەکانی شوناسی نەتەوەیی کوردی لە هەر سێ پەرتووکی بابەتەکۆمەڵایەتییەکانی پۆلەکانی چوارەم و پێنجەم و شەشەمی بنەڕەتی گەیشتە (378)جار دووبارەبونەوە، ئەمەش بەشێوەکی گشتی ڕێژەیەکی باشە و وا چاوەڕوان دەکرێت کاریگەری ئەرێنی هەبێت لەسەر گەشەکردنی هەستی نەتەوەیی لای قوتابیانی ئەو پۆلانە ئەگەر بە ووردی و گونجاوی جێبەجێ بکرێت .

2. ڕێژەی دووبارەبونەوەی شوناسی نەوەتەوەیی کوردی لە پەرتووکی بابەتەکۆمەڵایەتییەکانی پۆڵی شەشەمی بنەڕەتی بە پلەی یەکەم هاتووە کە دەگاتە (179)جار دووبارەبونەوە کە دەکاتە نزیکەی (47%) کۆی دوبارەبونەوەکان ، ئەوەش چونکە لەو پۆلە بابەتی مێژوو تایبەتە بە مێژوویی هاوچەرخی کورد و لە بابەتی جوگرافیا کە تایبەتە بە جوگرافیای عێراق لە زۆر بابەت ئاماژە بە کوردستان کراوە .

3. ڕێژەی دووبارەبونەوەی شوناسی نەوەتەوەیی کوردی لە پەرتووکی بابەتەکۆمەڵایەتییەکانی پۆڵی پێنجەمی بنەڕەتی بە پلەی دووەم هاتووە کە دەگاتە (120)جار دووبارەبونەوە کە دەکاتە نزیکەی (32%) کۆی دووبارەبونەوەکان ، ئەوەش چونکە لەو پۆلەدا بابەتی جوگرافیا تەرخانکراوە بۆ باسکردنی جوگرافیای کوردستان و هەروەها لە بابەتی مێژوو باس لە شوێنەوارە دێرینەکانی کوردستان کراوە .

sjh@univsul.edu.iq

4. ڕێژەی دووبارەبونەوەی شوناسی نەوەتەوەیی کوردی لە پەرتووکی بابەتەکۆمەڵایەتییەکانی پۆڵی چوارەمی بنەڕەتی بە پلەی سێیەم هات کە دەگاتە (79)جار دووبارەبونەوە کە دەکاتە نزیکەی (21%) کۆی دووبارەبونەوەکان چونکە ئەوەی لەو پۆلەدا بابەتی جوگرافیا باس لە جوگرافیای گشتی دەکات ، بەڵام لە بابەتی مێژووباس لە شارەکانی کوردستان دەکات .

5. دووبارەبونەوەی شوناسی نەتەوەیی کوردی لە ڕەهەندی ڕاستییەکان بە پلەی یەکەم دێت لە هەر سێ پەرتووکە کە دەگاتە (228) جار دوورەبونەوە . ڕەهەندی کەسایەتییەکان بە پلەی دووەم کە (82) و ڕەهەندی هێماکان بە پلەی سێیەم هاتبوو کە (68)جار دووبارەبونەوەی هەبوو. توێژەر پێی وایە ئەو ئەنجامە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پەرتووکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە پۆلەکانی( 4-5-6)ی بنەڕەتی تەنها بابەتەکانی مێژوو و جوگرافیا لە خۆ دەگرن کە بیرۆکەکانی زیاتر باس لە ڕوداوی مێژوویی و زانیاری جوگرافی دەکات لە ڕێگای دەق و نەخشەو و وێنەوە دەخرێنەڕوو ، بەو شێوەش ڕەهەندی بەهاکان هیچ دووبارە بونەوەیەکی تۆمار نەکرد چونکە زیاتر پەیوەندی بە بابەتی ماف و پەروەردەی نیشتمانی و ئاین و بەها کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە .

**بەشی پێنجەم : ڕاسپاردەو پێشنیارەکان**

**یەکەم : ڕاسپاردەکان :** پە پشت بەستن بە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە چەند ڕاسپاردەیەک ئاراستەی بەڕیوبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان کرا وەک :-

1. زیادکردنی بابەتی پیسبونی ژینگە بۆ بابەتی جوگرافیای پۆلی چوارەمی بنەڕەتی و تێدا باس هۆکارەکانی پیسبونی ژینگەی ( ئاو و هەواو و خاک )ی هەرێمی کوردستان بکرێت .

2. لە بابەتی جوگرافیای پۆلی چوارەمی بنەڕەتی کە باس لە سروشت دەکات وەک چیا و دارستان و دۆڵ..هتد بەپێ توانا وێنەی ڕاسەقینە دابنرێت کە تایبەت بێت بە سروشتی کوردستان .

3. لە بابەتی مێژوویی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی زیاتر بایەخ بە ڕۆڵی زانا و کەسایەتییە مسوڵمانانی کورد بدرێت کە لەهەر بوارێکدا خزمەتیان کردووە .

4. لەو بابەتانەی کە پێویستی بە دانانی وێنەیە و وێنەی مرۆڤ و خەڵکی تێدا دەردەکەوێت ئەو وێنانە دابنرێت کە خەڵک پۆشاکی کوردی لەبەرکردووە .

**دووەم : پێشنیارەکان**

1. ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشیوەی ئەم توێژینەوەیە بۆ پەرتووکەکانی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان لە پۆلەکانی حەوتەم و هەشتەم و نۆیەمی بنەڕەتی لە هەرێمی کورستان .

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

2. ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە بۆ ئاشکراکردنی ئاستی بایەخدان بە شوناسی نەتەوەیی کوردی لە پەرتووکەکانی بەها کۆمەڵایەتییەکان و پەروەردەی مەدەنی و مافی مرۆڤ لە پۆلە جیاجیاکانی خوێندن لە قۆناغی بنەڕەتیدا .

**سەرچاوەکان :**


1. ابراهيم ، صبري الانصارى ، والاخرون (2019) : **دور الانشطة التربوية في تنمية الهوية القومية** ، مجلة العلوم التربوية ,كلية التربية بقنا , المجلد 40 , العدد 40 , ص 253-283 https://maeq.journals.ekb.eg

2. ابو كف , نفين محمد فوزي (2023) :**درجة تضمين قيم الهوية الوطنية والمدنية للصف السادس في الاردن** , مجلة دراسات العلوم التربوية ، مجلد 2 العدد 50 . https://dsr.ju.edu.jo/djournals/index.php/Edu/article/view/4528

3. اوزكيريملي ، اوموت : **نظريات القومية** ، ترجمة معين الامام (2013) ، بيروت .

4. بركاني ،ملاک (2021) : **ملامح الهوية الوطنية في المدرسة الجزائرية من خلال كتاب اللغه العربية** – مرحله المتوسط انموذجا – رسالة ماجستير منشورة ، كلية اداب و لغات ، جامعة 8 ماى 1945 قالمة .https://dspace.univ-guelma.dz/xmlui/bitstream/handle/123456789/12339/M813.700.pdf?sequence=1&isAllowed=y

5. البيطار , نديم ,(2012) : **حدود الهوية القومية** نقد عام , ص 34

6. الترهوني ، صالحة علي رمضان : **دور المناهج التربوية – التعليمية – في تأصل الهوية الوطنية** –دراسة تحليلية ,المجلة العلمية للعلوم التربوية و الصحة النفسية ,المجلد 2 , العدد 5 ،2020, ص 219-237

7. الحجازي ، امال سليمان: **التربية الوطنية و دورها فى تعزيز الهوية الوطنية** ،مجلة القرطاس ،الجمعية الليبية لعلوم التربية ، العدد الثاني و العشرون ,2023 .

8. الحصري ,ابو خلدون ساطع (1985) : **ما هي القومية** ,مركز دراسات الوحدة العربية , الطبعة الثانية , بيروت .

9. السروجي ، طلعت مصطفى . همام , سامية عبد الرحمن : **الشباب و ظاهرة الأنومي , قراءة في الصراع الهوية و القونية و العالمية ,** مجلة كلية الخدمة الاجتماعية للدراسات و البحوث الاجتماعية، العدد الثالث،2020 , جامعة فيوم . ص 24-25 . https://jfss.journals.ekb.eg/article_58753.html

10. السكران، محمد (2002) : **أساليب تدريس الدراسات الاجتماعية** ، دار الشروق للنشر والتوزيع ، عمان ، الاردن .

11. العالم ، السائح ( 2016): **التأصل المعرفي في مفهوم القومية** , الجامعي , مجلة علمية محكمة , العدد 24 الجزء الاول , ص 91-105. https://www.aljameai.org.ly/index.php/aljameai/article/view/321

12. العامري ، محمود بن حمود و اخرون: **مدى تضمين ابعاد الهوية الوطنية في الاعمال الفنية لطلبة قسم التربية الفنية بجامعة السلطان قابوس من وجهة نظر خبراء المجال** ، المجلـة الأردنية للفنون ، المجلد 15 ، العدد 1 ص 251-279.

13. العبيداني ، محمد بن جمعه بن محمد (2009): **مدى تضمين سمات الهوية الوطنية في كتب الدراسات الاجماعية للصفوف 5-12 بسلطنة عمان** , دراسة ماجستير, كلية التربية , جامعة قابوس . عمان .

14. عدنان ،حسين (1997) **: العامل القومي فى السياسة المصرية** ، دار الوحدة ، بيروت .

15. الغويل ، رانيا (2015): **العولمة و انعكاساتها على الهوية الثقافية العربية** .الندوة الوطنية : المواطنة بين الاصالة و العولمة . دار الكتب الوطنية وجمع افريقية للدراسات و البحوث, تونس , مايو , ص 57-68 .

16. الكلابى ،فراس ناصر حسين (2022): **تحليل محتوى كتب الاجتماعيات للمرحلة المتوسطة على وفق الهياكل المعرفية** ، رسالة ماجستير منشورة ، كلية التربية ، جامعه كربلاء .

https://iu-juic.com/index.php/juic/article/view/3007/manuscripts

17. رابحي ،اسماعيل : **مدى توافر عناصر الهوية الوطنية في الكتب المدرسية لمناهج التاريخ في مرحلة التعليم المتوسط** ،مجلة علوم الانسان و المجتمع ،العدد 5 مارس ،2013 ، ص 315- 331

https://revues.univ-biskra.dz/index.php/fshs/article/view/97/93

18. مجوعة مؤلفين(1993) : **قراءات في الفكر القومي**، مركز دراسات الوحدة العربية ،الطبعة م الثانية . https://books4arabs.com/B5/books4arab.com_0573.pdf

19. مهدى، حبيب صالح , **دراسة في مفهوم الهوية** , جامعة موصل مركز دراسات الاقليمية, 2009 , مجلد 5 , عدد 13 , ص 475-493

**خلاصة البحث :**

يهدف البحث الحالي الى كشف مدى تضمين كتب الدراسات الاجتماعية للصفوف (4-5-6) في المرحلة الاساسية في اقليم كردستان على مفهوم الهوية القومية الكوردية ، وعليه اعتمد الباحث على منهج تحليل المحتوى لتحليل محتوى كتب الدراسات الاجتماعية ، تم اعداد اداة التحليل وفق الخطوات العلمية و لاجل استخراج صدقه تم عرضه على مجموعة من الخبراء في مجال التربية و علم النفس و طرق التدريس وطلب منهم ابداء ارائهم حول مدى صلاحيته و تقديم اي تغير يجدوه مناسبا ، كما تم ايجاد ثبات الاداة خلال قيام الباحث بتحليل عينة من محتوى كتاب الدراسات الاجتماعية للصف الخامس و بعد مرور (15) يوما تم تحليل نفس المحتوى للمرة الثانية و من ثم استخدم معادلة (Cooper) لايجاد ثبات التحليل فكان ذو ثبات عالي ، وتكون الاداة بصورته النهائية من اربعة مجالات وهي ( الحقائق ، الشخصيات ، القيم ، الرموز ) و اعتمد الباحث على وحدة (الفكرة) كوحدة التحليل و التكرارات كوحدة ( تعداد ). بعد اكمال تحليل محتوى الكتب اظهرت النتائج انه بشكل عام يتضمن محتوى الكتب على مفهوم الهوية القومية الكوردية بمستوى جيد ، كما جاء كتاب الصف السادس في المرتبة الاولى في تضمينه لمفهوم الهوية القومية يليه كتاب الصف الخامس ومن ثم كتاب الصف الرابع، وفي ضوء النتائج قدم الباحث عددا من التوصيات و المقترحات.

پاشكۆی (1)

ناوی شارەزایان بۆ دروستی ئامرازی شیکردنەوە

| ژ | ناو و پلەی زانستی | پسپۆڕی | شوێنی کار |
|---|---|---|---|
| 1. | پ.د جبار احمد عبدالرحمن | ڕێگاکانی وانەوتنەوەی گشتی | زانکۆی کۆیە |
| 2. | پ.د عمر ابراهیم عزیز | دەرونزانی پەروەردەیی | زانکۆی سەڵاحەدین |
| 3. | پ.د صابر بکر مصطفی | دەرونزانی پەروەردەیی | زانکۆی سلێمانی |
| 4. | پ.د وعد محمد نجاة | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی سەڵاحەدین |
| 5. | پ.د سلوی احمد امین | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی سەڵاحەدین |
| 6. | پ.ی.د خالید اسماعیل | دەرونزانی پەروەردەیی | زانکۆی کۆیە |
| 7. | پ.ی.د کاروان کاکەبرا کاکەمەند | دەرونزانی پەروەردەیی | زانکۆی سۆران |
| 8. | پ.ی.د بەهات عبدالرزاق | ڕێگاکانی وانەوتنەوەی گشتی | زانکۆی کۆیە |
| 9. | پ.ی.د سێبەر ڕزگار | ڕێگاکانی وانەوتنەوەی گشتی | زانکۆی کۆیە |

sjh@univsul.edu.iq